سەید حەکیم: عێراق ڕکابەری ئەمنی و تایفی و سیاسی تێپەڕ کرد و ئێستا بەرەو بنیاتنانی ئابووری و خزمەتگوزاری توند و تۆڕ هەنگاو دەنێت

لەمیوانخانەی هەزی خەفاجە، میوانخانەی شێخ خالید ئەلخەفاجی لەپارێزگای بابل بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هەزڕکانی دەوڵەتی نیشتمانی باسی قوربانیدانی لەپێناو عێراق و ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت کرد و دووپاتی کردەوە کە عێراق لەڕێگای ڕاست دەوات و زەر شتیش بەدی هاتووە.

سەماحەتی گوتی :
عیراق لەماوەی ڕابردوودا توانی چەندین ڕکابەری سەخت تێپەڕ بکات لەوانە ڕکابەری ئەمنی و تایفی و ململانێی سیاسی.

بەڕێز حەکیم ڕوونیشیکردەوە کە ئامانجی کورتخایەن بەندە بە ئابووری و خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک و قەیرانی بێکاری و ڕوونیشیکردەوە کە پێشوازییەکی گەورە و بەرچاو لەعیراق هەیە لەلایەن کەمپانیا گەورەکانەوە و ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەم بەرژەوەندییە نیشانەی سەقامگیریی عێراقە و ئایندەیەکی گەشبینیش چاوەڕێی دەکات..

سەماحەتی سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق سەرکەوتوو دەبێت لەزاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکانی خزمەتگوزاری و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەری وەک چۆن ڕکابەرییەکانی پێشوودا سەرکەوتوو بووە و داوای پێشکەوتنی وەاتی لەهەبژاردنەکانی داهاتوودا کرد و جەختی لەسەر پێویستی بەهەزکردنی ئەو نوێنەرانە کردەوە کە بتوانن لەقەناغی داهاتوودا بەرپرسیارێتییان لەئەستۆ بگرن و ئاماژەی بەگرنگی نزیکبوونەوە لە جەماوەر و خزمەتکردنیان کرد.